ئازاد جەلال

# ڕەخنە بگرە

بۆشکاندنی تەلیسمی دەمارگیریو هەڵتەکاندنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵی تەقلیدی، ڕەخنە جوانترین و چاکترین تیرە بۆ تەقاندنی دومەڵی کەلتور .

هەرچەند ڕەخنە کێرڤی توڕەیی ودەسەڵاتی سیاسی لەکۆمەڵی تەقلیدیدا بەرز دەکاتەوە، بەڵام کەچاریان نەبوو لێی دەترسن، هەر بۆیە بۆدا پۆشینی کارە ئاشکرابووەکانیان دەزگای نهێنی دروستدەکەن، هەرکە عەرشی ئەو دەسەڵاتە تەقلیدییانە. .

دەکەوێتە لەرزین دەیان بەڵگە نامەی نهێنێنی زۆر عەجیب سەردەردەهێنن وەك ئەو عەجیب وغەریبانەی کە لەدووای ڕوخانی دەسەڵاتی بەعسەوە ئاشکرابوون .

لەخەیاڵی کێدا بوو لەنێو بەرپرسە باڵاکاندا بەدەیان خۆفرۆش و سیخوڕ هەبێ ! بەخەیاڵی کێدا دەهات کەمامۆستایانی زانکۆ لەڕیزی پێشەوەدابن پشکداربن لەو ڕێزلێنانە،دەبێ چیترهەبێ کە هەنووکە لە خەیاڵماندا بێو داهاتوو بەخەوی ببینین.

ڕاگەیاندنەکان لێرە بەتایبەت باڵادەستەکان تەنها کاریان هەڵدان و پەخشان نووسینە، ڕاگەیاندنەکان لێرە لەئاست مەسەلە چارەننوسسازەکاندا کۆڵن زمانێکیان نییە بۆگوتن ، هاووڵاتییەکان ماتو مەلوولن لەئاست ئەو نادادوەریانەی کەڕۆژانە بەڕۆژی ڕووناك بەبەرچاومانەوە ڕوودەدەن،  ئەمەش پەیوەندی بەنەشکاندنی سامی ڕەخنەوە هەبوو چەندین ساڵ بەعس سەرکوتی مرۆڤ ئەم وڵاتەی کردووە دەسەڵاتی سیاسیش لەکودستان هەمان شێوازو پەیڕەوی کردووە بەوەی کەمرۆڤەکانی ئەم وڵاتە کات هەبووە نەیانتوانیوە بەئازادی بدوێن وە بنووسن تەنانەت ئەو بڵاوکراوانە بخوێننەوە کە حیزب لێی ڕازی نییسە، ئێیستا دۆخەکە کەمێ گۆڕاوە بەڵام هەر لە ئاست ئەو زاراوانەی کەبەیناو بەین لەکۆڕەکاندا دەدرێ بەگوێی ئامادەبوواندا غەدر دەکرێت، هەرسێ زاراوەی کۆمەڵی مەدەنی ودیمکراسی وئازادی کەلەزارەکانەوە دەردەپەڕێنرێن لەهەمبەر بچوکترین ڕەخنەدا چۆك دادەدەن و هیچ تەفسیرێك لەکاردانەوەی ڕەخنەدا نییە جگە لە بوونیادنانی سیستەمێکی کەلتوری تەقلیدی کەمۆرکی جۆری کۆمەلگەکەیە .